وەزارەتــی نـــاوخــۆ
ئــیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٤١٢٤
ڕێکەوت : ٢٣ / ١٠ / ٢٠٢٣

---

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.20- 2023) تەندەری پرۆژەی

## ( نۆژەنکردنەوەی تۆڕی کارەبای گلاڵکەوەیەکان/ کەلار )

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەڵێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە , کە ئامـــادەکراوە لە لایەن ( بەڕێـــوەبەرایەتی دابەشـــکردنی کارەبـــای کەلار ) , لەســـەر بـــودجەی ڕێـــژەی ٨%ی داهـــاتی دابەشـــکردنی کارەبـــای کەلار جێبەجـــێ دەکرێـــت , هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســـەردانی ب.ژمێریـــاری لە دیـــوانی ئیـــدارەکەمان بکـــات بەمەبەســـتی وەرگرتنـــی تەنـــدەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (٤٥) چل و پێنج ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(٢) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی ( پێـنج شـەممە ٢٦ / ١٠ /٢٠٢٣)ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی (پێـنج شـەممە ٩ / ١١ / ٢٠٢٣) کاتژمێر ( ٩ )ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( ١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینـار کە نـاگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە ١٢ / ١١ / ٢٠٢٣) کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٩ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٣) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسـراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

رامیار عبدالرحمن احمد
سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت